# ئامادەنەبوونی

# پێشەنگی عەقڵ

د. خالد عەزیزجابر



* دەسەڵاتی عەقڵ بەرانبەر دەسەڵاتی دەق

بەشێکی زۆری ئیشەکانی ئەبوزەید، جەختکردنەوەیە لە خوێندنەوەی دەقی ئایینی لە هەموو لایەن و رواڵەتە مێژوویی، زمانەوانی و ئامانجە ئاینیەکانی، چەکی دەستیشی لە بەراوردکردنی دەقدا، ئیشکردن بووە بە عەقڵ تا بتوانێت لەرێی عەقڵەوە پرسە بەیەکدا چووەکانی دینی و دنیایی لەیەك جودا بکاتەوە، بۆیە لە بەراوردکردنی هەموو ئەو پرسانەدا کە دەق لەرووی تیۆری و مامەڵەوە دەیانهێنێتە ئارا، زیاترین بایەخی داوە بە خوێندنەوەی برگەکانی وتاری ئاینی.

ئەبوزەید لە کتێبی (رەخنە لەوتاری ئاینی)دا ئەو برگانە بە چوار دانە دادەنێت: یەکەمیان پەیوەندە بە وتەی( یەکخستنی هزری ئاینی و سرینەوەی مەودای نێوان خود و بابەت - ل

١٤). لەوێدا ئاماژە دەدات بەوەی موسوڵمانان هەر زوو تێگەیشتوون لەوەی" دەقە ئاینیەکان مەودای تایبەتی کردەیی خۆیان هەیە و مەودای تریش هەن کە بۆ عەقڵی مرۆڤ و ئەزموونی مرۆڤایەتی جێهێڵراون و پەیوەندنین بە کردەی دەقەکانەوە ل ٢٨".

وتاری ئاینی بە شێوەیەکی میکانیکی لە هەوڵدا بووە بۆ یەکخستنی دەقی ئاینی و خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی. بەو یەکخستنەش ئیدی وتاری ئاینی هەر تەنها کاری نەبووە بەسەر" سرینەوەی مەودای مەعریفیی نێوان خود و بابەتەوە، بەڵکو ئەوەی تێپەڕاندوە و بانگەشەی نێو بە نێوی تواناى تێپەڕاندنی هەموو مەرج و لەمپەرە بوویەریەکانیشی کردووە، تا گەیشتن بەمەبەستیی خودایی لەودەقانەدا ل ٢٨". مەترسیی ئەم ئاراستەیە لە خوێندنەوەی دەق لەوەدایە، کە وتاری هاوچەرخی ئاینی بە ئاراستەیەکدا دەچێت ببێتە "قسەکەر بەناوی خوداوە" بەهەموو ماناکانی ئەم ئاراستەگیریە لە سەپاندنی ئەم وتارە بەسەر هزر و ئیجتیهاد و بەکارهێنانی عەقڵ وەك دەسەڵاتێکی حوکمدەر بەسەر راستی و دروستیی ئەم دۆزەدا بێت یان ئەوی تر.

بڕگەی دووەم باس لە لێکدانەوە و راڤەی هەموو دیاردەکاندەکات بە گێڕانەوەیان بۆ بنەمای" عیلەی یەکەم - خودا" کە هەمووديارده کۆمەڵایەتی و سرووشتیەکانیش لەوەدا وەك یەکن ل١٤". لەوتاری ئاینیدا قسەیەك هەیە لەبارەی بوونی یەك ئیسلامەوە، کە تەنها زانایان دەیزانن و دەیگەنێ. لەم گوتەیەدا رەهەندی مەترسیدار هەن کە " کۆمەڵگە دەخاتە بەر هەڕەشە و کارایی عەقڵ لەکاروباری ژیان و واقیعدا پەکدەخات. وتاری ئاینی لە بەگەڕخستنی ئەم میکانیزمەدا پشت بەو هەستە ئاینیە سادە و ئاساییە دەبەستێت وبەجۆرێك دەیخاتەکار، کە ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە بەڵگەنەویستەکانی عەقیدە کە قسە هەڵناگرێت. ئەگەر هەموو عەقیدەکان تەبا بن لەوەدا کە هەموو جیهان لەبوونیاندا قەرزاری یەك عیلەن کە خودایە لەئیسلامدا، ئەوکات وتاری ئاینی - نەك وتاری عەقیدەیی- راڤەی هەموو دیاردە سرووشتی کۆمەڵایەتیەکاندەکات لەرێی گێڕانەوەیان بۆ خودا. لەم کارەیشدا راستەوخۆ مرۆڤ و یاسا سرووشتی و کۆمەڵایەتیەکان لە سفر دەدرێن و هەر مەعریفەیەکیش لە لایەن وتاری ئاینی و دەسەڵاتی زانایانەوە پشتگیری نەکرێت، دەستی بەسەردا دەگیرێت.

کاتێك ئەم وتەیە دەخرێتە بواری بەرجەستەکردنەوە دەرەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی تیۆری" حاکمیەت بۆ خودا" لە بەرامبەری "حاکمیەتی مرۆڤ" کە لە سەدەی رابردووەوە لای بزاڤە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیادا پەرەی سەند، دواتریش لەگەڵ سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە فۆرمە توندرەوەکەیدا نوێ بویەوە، بە تایبەتی رێکخراوی قاعیدە و رێکخراوە سیاسیە ئاینیە هاوشێوەکانی.

بڕگەی سێهەم لە وتاری ئاینیدا پابەندە بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی" سەلەف-پێشینان" یان "کەلەپوور، ئەویش دوای ئەوەی دەقە کەلەپووریەکان کە دەقی لاوەکین دەکرێن بە دەقی سەرەکیی پیرۆز، کە لە زۆر باردا پیرۆزییان لە پیرۆزیی دەقە ئەسڵیەکان کەمتر نابێت. وتاری ئاینی گوتە و ئیجتیهادی سەلەف دەکاتە دەقی پیرۆز کە ئیتر ئیجتیهادیان تێدا ناکرێت، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەو وتارە ئیجتیهادەکانی خۆی دەکاتە دین.

ئەبوزەید ئاماژە بە مێژووی بەرجەستەبوونی وتاری ئاینی دەدات لە دیارکەرە سەرەکیەکانی و دەیگێڕێتەوە بۆ ئەمەویەکان نەك خەواریجەکان کە ئەوان چەمکی "حاکمیەت"یان هێنایە گۆڕێ بە هەموو بانگەشەکانیەوە لە بارەی کارایی دەقەکانەوە لە کێشە و ناکۆکیە سیاسی و ناکۆکیە بەرژەوەندخوازیەکان، نموونەی ئەمە وەڵامدانەوەی معاویەی کوری ئەبوسوفیانە بۆ رێنمایی ئیبن عاس و فەرمانی دا بە پیاوانی قورئان بە نووکی شمشێرەکانیانەوە بەرز بکەنەوە وەك داوایەك بۆ پەنابردن و بەحاکم کردنی کتێبی پەروەردگار، ئەوەش شێوازێکە هەموو حاکمە شەرعیەت لەدەست چووەکان لە مێژووی ئیسلام وعەرەبدا تا ئەم ساتە پەنایان



**یەکخستنی ئاین وهزر راستەوخۆ دەگاتە یەکخستنی نێوان شتە خودایی و مرۆییەکان و وا لە وتاری ئاینی دەکات ئەو رەهەندە مێژووییانە بەهەدەر بدات کە لە زەمانی دەق جیای دەکاتەوە**

بۆ بردووه.

مەترسیدارترین کەلەپووری بۆماوە لە وتاری ئاینی خەلافەتی ئەمەویدایە، کە لەرووی گەوهەرەوە تا ئێستاش بەردەوامە، کە پشتبەستنە بەوتەی" جەبریەت" کە هەموو شتەکان لە جیهاندا بە کردەوەکانی مرۆڤیشەوە دەگێڕێتەوە بۆ ویست و توانا و دەسەلاتی گەورە و بەرفراوانی خودا. دواتر ئەم بنەمایە لە سەروبەندی پەرەسەندنی فیقهی ئیسلامیدا بووە یاسا، بەتایبەتی لای ئەو فەقیهە ئەشعەریەی تێزەکانی بوونە هۆی بەهەدەردانی یاسای هۆیەکێتی"السببیه".

لە بەرامبەریشدا وتاری ئاینی لایەنێکی بنچینەیی کەلەپوور پشتگوێ دەخات کە پابەندە بە زانستی زمان و هەموو ئەوەی ئەم زمانە کردی لە بارەی خوێندنەوەی دەقی ئاینی و مشتومڕ لە بارەیەوە. بە تایبەتی ئەوەی موعتەزیلە و بیرمەندانی بە پشت بەستن بە لۆژیکی بەرمەبنای عەقڵ سەبارەت بە راڤەکردنی لایەنە ئاینی و نائاینیەکان کە وتوویانە. وتاری ئاینی هەر بە پشتگوێ خستنی لایەنە عەقڵانیەکانی کەلەپوورەوە نەوەستا، بەڵکو هێرشی کردە سەری و بە زەندەقە و هەرتەقە پۆلێنی کردو لە بەرامبەریشدا دەقەکانی خۆی پیرۆز کرد کە مەترسیی زۆری لێکەوتەوە لەوەدا کە شەرعیەتی دا بە چەوساندنەوەی عەقڵگەراکان لەکەلەپووری عەرەبی و ئیسلامیدا.

برگەی چوارەمی وتاری ئاینی دۆزی( یەقینی زەینی و یەکلاکردنەوەی فیکریی بەڵگەنەویست و رەتکردنەوەی هەموو جیاوازیەك دەگرێتەوە، مەگەر ئەوجیاوازیانە نەبێت کە بنەما و بنچینەکان ناگرێتەوە. وتاری ئاینی جیاوازیە ریشەییەکان قبوڵ ناکات، کە بانگەشەی خاوەنداریی هەقیقەتی رەها بکەن و دەست بەسەر هەموو راڤە و لێکدانەوەکانی تردا بۆ ئاین و ژیان بگرێت، چونکە خۆی بە خاوەنی ئەو هەقیقەتە دەزانێت و ئیتر هیچ حوکم و داتایەك بێ بەهایە گەر سەرچاوەکەی چەمکە ئیسلامیە رەسەنەکان و دەق و رێسا شەرعیەکان نەبێت. ئەمەش شەرعیەتدانی لێ دەکەوێتەوە بەو هەموو توندرەوی و پەرگیریەی بزاڤە ئیسلامیەکان پەیرەوی دەکەن.. بەتایبەتی لەسەر ئاستی رەفتاری رۆژانەی ژیان، لەوێدا کە کەسی توندرەو پێیوایە هەڵسوکەوتەکانی بەپێی دەقی ئاینی و فەتوای زانایان رەوان وبەوپێیەش بارگەیەکی ئیمانی وەردەگرێت و ئیتر ئەوەی دەیکات بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی.

برگەی پێنجەمیش لە وتاری ئاینیدا پەیوەستە بە هەدەردان و پشتگوێ خستنی رەهەندی مێژوویی و ئەمەش لە گریاندا بۆ رابردووی جوان دەردەکەوێت، واتە گریان بۆ هەردوو سەردەمی خەلافەتی راشدین و عوسمانی. ئەم میکانیزمەش لە کۆ وتاری ئاینی و پنتە بنچینەییەکانیدا دەردەکەوێت.

یەکخستنی ئاین وهزر راستەوخۆ دەگاتە یەکخستنی نێوان شتە خودایی و مرۆییەکان و وا لە وتاری ئاینی دەکات ئەو رەهەندە مێژووییانە بەهەدەر بدات کە لە زەمانی دەق جیای دەکاتەوە، تا گەیشتن بە توانای زانینی مەبەستی خودایی لەو دەقانە. ئەبوزەید






لەبارەی ئەم پرسەوە دەڵێت: " بە هەدەردانی ڕەهەندی مێژوویی لە هاوشێوەکردنی گرفت و خەمەکانی ئێستا و گرفت و خەمەکانی ڕابردوو و گریمانەکردنی گونجانی چارەسەرەکانی ڕابردوودایە بۆ کێشە و گرفتەکانی ئێستا. پشتبەستنیش بە دەسەڵاتی پێشینان و کەلەپوور و دانانی دەقەکانیان لە پێگەی پیرۆزیی دەقی قورئان و دەقە ئەسڵیەکاندا چڕکردنەوەی میکایزمی بەهەدەردانی ڕەهەندی مێژووییە. هەردوو میکانیزمەکەش لە وتاری ئاینیدا هاوکاری یەکن لە قووڵکردنەوەی نامۆکردنی مرۆڤ و شاردنەوەی گرفتەکانی واقیع. لەم گۆشەیەوە کارلێکی نێوان هەردوو میکانیزمەکە تێبینی دەکەین:" گێڕانەوەی دیاردەکان بۆ یەک بنەما"، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە. گێڕانەوەی هەمووقەیرانەکانی واقیعی مرۆڤایەتی بۆ دوورکەوتنەوە لە مەنهەجی خوایی بۆ خۆی بێتواناییە لە مامەڵەکردن لە ئاستی ڕاستیە مێژووییەکان و تووڕدانیان بۆ نێو بازنەی ڕەهیەتیی و میتافیزیک"غەیب". دەرەنجامی حەتمیی ئەم میتۆدەش چەسپاندنی واقیعی ناهەموار و نامۆکردنی مرۆڤ و وەستانە شانبەشانی دواکەوتوویی لە دژی پێشکەوتن و ئەوەش پێچەوانەی ڕواڵەتی وتاری ئاینیە کە وادەردەکەوێت هەولدەربێت بۆ چاکسازی و گۆڕان و بانگەشەکردن بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندن.

*** نوێخوازی لە خوێندنەوەی دەقی ئاینی دا.**

دیارترین تێزێک لە تێزەکانی ئەبوزەید کە بووە هۆی تووڕەبوونی دەزگای ئاینی، ئەو لێکۆڵینەوانەن کە پەیوەستن بە دەقی ئاینیەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە خوێندنەوەی قورئان و چۆنێتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی پێچەوانەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی تەقلیدیی باو. ئەبوزەید پێیوایە هزری مرۆیی بە هزری ئاینیشەوە بەرهەمی کۆ هەلومەرجە مێژووییەکانە کە فاکتەرە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کەلتووریەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی قۆناغێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرن.

ئەم بیرمەندەمان لە کتێبی " ڕەخنە لە وتاری ئاین" دا ئاماژە بۆ ئەو دەروازەیە لە میتۆدی خوێندنەوە دەکات کە دەقی ئاینیی بە مەحکەمی پێ دەخوێنرێتەوە :" هزری ئاینییش لە دەرەوەی ئەو یاسایانەدا نییە کە کۆنترۆڵی هزری مرۆیی بە گشتی دەکەن، چونکە لەناوەڕۆکەکەی کە ئاینە پیرۆزی و ڕەهایی وەرناگرێت، بۆیە دەبێ لێرەدا جیاوازی بکرێت لە نێوان"ئاین" و"هزری ئاینی" دا، چونکە ئاین بریتیە لەکۆمەڵێک دەقی پیرۆز کە لەڕووی مێژووییەوە چەسپاون، لەکاتێکدا هزری ئاینی ئیجتیهادەکانی مرۆڤە بۆ ئەودەقە پیرۆزانە و تەئویل کردیان و هەڵهێنجانی دەلالەتەکانیان. بۆیە جیاوازیی تەئویلەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر شتێکی سروشتی دەبێت، بەڵکو جیاوازییەکە لە ژینگەیەکەوە – واتە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوگرافی، ئیتنی– هەمان چوارچێوە بۆ ژینگەیەکی تریش هەر سروشتی دەبێت و هاوکات ئاراستە ئیجتیهادیەکانیش بە هەمان شێوە جیاواز و فرە دەبن.

ئەبوزەید لۆژیکی تێزەکەی ڕوون دەکاتەوە و میتۆدەکەی ڕاڤە دەکات و دەڵێت:" هۆشیاریی مێژوویی زانستیانە بە دەقەکان تێزە کۆن و نوێکانی هزری ئاینی تێدەپەڕێنێت و پشت دەبەستێت بە دەستکەوتی زانستی زمانناسی، بە تایبەتی لەبارەی لێکۆڵینەوەدا لە دەق". بۆیە گرفتی هزری ئاینی لەوەدایە کە لە بۆچوونی عەقیدەیی و مەزهەبی بیر لە خودا و سروشتی خودا دەکاتەوە بە بەراورد بە سروشتی مرۆڤایەتی، ئیدی ئەم هزرە بەم بۆچوونە دەقەکان دەخوێنێتەوەو ئیشیان

لەسەر دەکات و وایان لێدەکات هەمان ئەو عەقیدە و بۆچوونانە بەرجەستە بکەن، ئەمەش واتە سەپاندنی راڤەی مێژوویی مرۆیی لە دەرەوە و ئەمەش راڤەیەکە وتاری ئاینی دەیەوێت بەرگێکی میتافیزیکیی بەبەردا بکات، تا لە یەك کاتدا مۆرکی ئەبەدیەت و چەسپاوی و نەگۆڕییان پێبدات.

لەم پێشەکیانەیشەوە، تێزی سەنتەریزمیی ئەبوزەید بەرمەبنای ئەوەیە کە دواجار دەقە ئاینیەکان دەقی زمانەوانین، واتا سەر بە بونیادێکی کەلتووریی دیاریکراون و بە پێی ڕێساکانی ئەو کەلتوورە بەرهەم هێنراون کە زمان سیستمی دەلالەتداری سەنتەریزمیین. ئەبوزەید بۆ ئەوە چووە کە رەسەنێتیی دەق و گێرانەوەی بۆ خودا ڕێگرنییە لە توانای توێژینەوە لەودەقانە و لێکدانەوەیان، بەڵکو پێویستی کۆڵینەوە و شیکردنەوەیان دەسەپێنێت و ئەو کۆڵینەوە و شرۆڤەکاریەش میتۆدی تایبەت و گونجاو لەگەڵ سروشتی خودایان پێویست نییە. وتەی لەوجۆرە بە خوداوەندیی دەقەکان و سوربوون لەسەر مۆرکی خوداییبوونیان مانای ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤەکان ناتوانن بە میتۆدەکانیان لێی تێبگەن ئەگەر ویست و توانای خودا تایبەتمەندی بە هەندێ لە مرۆڤەکان نەدات بۆ تێگەیشتن لێیان، ئەمە بۆچوونی تەواوی سۆفیگەراکانە. بەمجۆرەش دەقە ئاینیەکان دەبنە دەقی داخراو بەرووی تێگەیشتنی مرۆڤی ئاسایی -تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی سروشی خودایی- و دەبنە کۆدی خودایی کە تەنها خودا خۆی دەتوانێت بیانکاتەوە. ئیتر وادەبێت کە خودا بەو دەقانە خۆی بدوێنێت و نزا بۆ خودی خۆی بکات و خەسڵەتەکانی (پەیام، نوور، ڕێنمایی، گەیاندن)یان لێ دابڕێت..کە لێرەشدا بەرمەبنای مرۆییبوونی دەقە ئاینیەکان دەکەین، ئەو بەرمەبناییە لەسەر بنچینەی سوودبینینی ئایدیۆلۆژیا نییە بە ڕووی هزری ئاینیی باوی خاوەن دەسەڵاتدا، بەڵکو لەسەربنچینەیەکی بابەتیە کە پشت بە راستیە مێژووییەکان و راستیی خودی دەقەکان دەبەستێت. لەم تێزانەشدا پشتبەستن بە هەڵوێستی گۆشەگیریی کەلەپووری ودەرهاویشتەکانی لە ڕوودان و خوڵقاندنی دەقەکان پشتبەستنێکی بونیادنەری نییە، بەو مانایەی هەڵوێستی گۆشەگیریی کەلەپووری وێڕای گرنگیی مێژوویی وەك هەڵوێستێکی کەلەپووری دەمێنێتەوە و بە تەنیا ناتوانێت هۆشیاریی زانستیمان بە سروشتی دەقە ئاینیەکان بونیاد بنێت.

لێرەشەوە دەتوانیین بڵێین ئەگەر بە حوکمی ئینتیمای دەقەکان بۆ کەلتوور و زمان لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا دەقمان بە کردەی مرۆیی دانا، ئەوکات دەبێ زمان و ژینگەی کەلتووریی ببێتە مەرجەع و سەرچاوەی راڤە و تەئویل و هەموو زانستەکانی قورئانیش کە زانستی "نەقڵین" چەندین راستیی پەیوەند بە خودی دەقەکانیان لەخۆ گرتووە، دوای خستنیانە ژێر میکانیزمەکانی وردبوونەوە و دیکۆمێنتکاری رەخنەیی، دەکەونە نێو ئەو مەرجەعی راڤە و تەئویلەوە. لە دەرەنجامیشدا، دەتوانین بڕوانینە مەترسیی بیروبۆچوونە چەسپاوەکان کە قورئان بە دەقێکی ئەزەلی و ئەبەدی دادەنێن کە ئەم دوانە خەسڵەت و سیفەتی خودان. لەبەرئەوەی خودا سیفەتی ئەزەلیی هەیە، ئەوەی لەو پەیدا دەبێت هەمان سیفەتی دەبێت، بۆیە وتەی دانانی گوتاری خودایی کە قورئانە بە خوڵقێنراو دەچێتە بازنەی زەندەقە(کوفر)وە بەو زاتی خودایە.

ئەبوزەید لە کتێبی( دەق، دەسەڵات، حەقیقەت)دا ئاماژە بەم دۆزە مەترسیدارە دەکات و دەڵێت:" لە راستیدا پرسی قورئان کە ئاخۆ دێرینە یان نوێ، پرسێکە لای بیرمەندانی ئیسلام جیاوازیی زۆری لەسەرە.. موعتەزیلەکان قورئان بە نوێ و خوڵقێنراو دادەنێن چونکە هەمان سیفەتی ئەزەلیی زاتی خودای نییە. قورئان گوتاری خودایە و گوتاریش کردارە نەك سیفەت و لەم گۆشەیەوە دەچێتە بازنەی "سیفەتی کردە خوداییەکان" نەك "سیفەتی زاتی خودایی". لای موعتەزیلەکان جیاوازیی ئەم دوو بوارە لەوەدایە کە بواری سیفەتی کردارەکان کایەیەکی هاوبەشە لەنێوان خودا و جیهاندا، لەکاتێکدا بواری "سیفەتەکانی زاتی خودا" بازنەی تاکێتی و تایبەتمەندیی بوونی خودایە لەزاتی خۆیدا لە دەرەوەی جیهاندا، واتە بەر لە بوونی جیهان و بەر لە درووستکردنی لە نەبوونەوە.

**سەرچاوە/ ڕۆژنامەی "منارات" ژمارە(١٨٤٣ ی ساڵی ٢٠١٠).**